ئەنوەر حوسێن (بازگر)

# قەرەجەکانی پاریس و کوردەکانی پارچەکەی تر

قەرەجەکانی ئیسپانیا لەفەرەنسا، سەرەرای ئەوەی بەشێکی زۆر لەمافە ئینسانیەکانی بۆ دابینکردون.

لەدەرەوەی پاریس کامپێکی بۆ کردونتەوە و گوزەرانیان باش و لەبارە. کەچی کاتێ فەرەنسا باس لەوە دەکات دەبێ وڵات جێبهێڵن، ئیسپانیا لەسەریان دێتە دەنگ.

کوردە ئاوارەکانی کوردستانی ئێران لە (کامپی باریکەی نزیک عەربەتی شاری سلێمانی، کوردەکانی کوردستانی تورکیا لە کامپی مەخمور، کوردەکانی کوردستانی سوریا لە کامپی ئامێدی لە دهۆك(...

لەکوردی هاوزمان و هاوخوێن و هاونیشتیمانیمانن لەبەر زوڵم و زۆری و چەوسانەوەی دەوڵەتەکانیان بەناچاری پەنایان هێناوەتە هەرێمی کوردستانی عێراق.

قسە لەسەر ئەوە نیە کەهیچیان بۆ نەکراوە و خۆشیان ئەمە رەت ناکەنەوە کەهاوکاری کراون، بەڵام قسەکە ئەوەیە هێشتا ئەوانە هەندێکیان هێندە وەزع و گوزەرانیان خراپە سەد حاڵ بەحاڵی قەرەجەکانی فەرەنسا.

ژنێکی کوردی ئێرانی لەکامپی باریکە دەڵێ "بەخوا، پارەی یەك کیلۆ تەماتەم پێ نیە بیکڕم"

ئاوارەیەکی کوردستانی تورکیا لەکامپی مەخمور دەڵێ "گەرمای هاوین و ساردی زستان لەژێر نایلۆنا بەسەر دەبەین"

ئاوارەیەکی کوردستانی سوریاش دەڵێ "دەبێ کچەکانم بەسەرە ماکسی لەبەر بکەن"

ئاخر ناکرێ لەبودجەیەکی دە ملیار دۆلاری هەرێمی کوردستان. ئەم کوردانە کە لەبەر کوردایەتی هاتونەتە ئێرە، کە لەبەر ئەوەی نەبونە جاش و خۆفرۆش، ئاوا بەنەهامەتی بژین!...

ئاخر هەر کامیان گەر بگەڕێنەوە وڵاتە کاولبوەکانیان و جاشێتی قبوڵ بکەن کەدڵنیام نایکەن مانگانە (٥٠٠) دۆلار وەردەگرن.

ئاخر خۆ ئاسانە کەرۆژانە جەنابی پارێزگاری سلێمانی، هەولێر، دهۆك کەبەلای ئەو ئاوارانەدا تێپەڕدەبن سەرێکیان لێبدەن و دەردیان دەرمانبکەن.

ئاخر ئیشی حکومەتە بۆ هەر پارچەیەکیان بەرێوەبەرایەتیەکی تایبەت دروستبکات و گوێ لەئازارەکانیان بگرێت.

ساڵی حەفتاکان میسریەکی زۆری ئاوارەی یۆنان دەبن، بۆ گێرانەوەیان، رۆژێك لەسینەما لەئەسینا فیلمێکی میسری نمایشدەکرێ تا پۆلیس دەدات بەسەریاندا و دەیانخەنە کەشتیەکەوە بۆ میسر.

کە ئەنوەر سادات بەوە دەزانێ تورە دەبێ و باڵوێزی یۆنان بانگدەکات و بەوەزیری ناوخۆی میسر

دەڵێ ئەوەندە یۆنانی کۆبکەرەوە، سواری فرۆکەیان بکە و بیانگێڕەوە بۆ وڵاتەکانیان.
کاتێ یۆنان ئەوە دەزانێ لەناردنەوەی میسریەکان پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام سادات بەحکومەتی یۆنان دەڵێ ئەوانە هاوڵاتی منن چۆن، مامەڵەیان لەگەڵ بکەن منیش لەگەڵ هاوڵاتیەکاندا وادەکەم.
کەچی لەوڵاتی ئێمە بەشێك لەمانە بەر تیرۆر کەوتن، هەندێکیان برسین و هەندێکیان دەترسن.
ئاخر خۆ رۆژانێك بەشێك لەسەرکردە و بەرپرسەکانی ئێمە لەکۆلێتە گەرمەکانی ئەواندا حەسانەوە و قورت و پاروی منداڵەکانی ئەوانیان دەخوارد.
ئاخر زۆرجار مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە.
بەڵام قسەکە ئەوەیە حکومەتی هەرێم وەزعی باشە و دەتوانێ ژیان و گوزەرانی ئەوان باشتر بکات و لانی کەم وەك قەرەجەکانی فەرەنسا هاوکاریان بکات یان وەك میسریەکانی یۆنان سەیر بکرێن.

a_bazgr@yahoo.com